خولی ئیسپانیا.. ئەتلەتیکۆ مەدرید بە پێنج گۆڵی بەبەرامبەر لە لاس پاڵماسی بردەوە

لە خولی ئیسپانیا یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە پێنج گۆڵی بەبەرامبەر شکستی بە لاس پاڵماس هێنا.

لە یارییەکی هەفتەی 25ی خولی ئیسپانیا، ئەتلەتیکۆ لە میترۆپۆلیتانۆ میوانداری لە لاس پاڵماس کرد.

گەمی یەکەم، ئەتلەتیکۆ تا رادەیەک یارییەکەی بە ئاست و ئەنجام یەکلایی کردەوە و دوو گۆڵی لە خولەکەکانی 15 و 20 لە رێگەی مارکۆس یۆرێنتیەوە تۆمارکرد.

لە گەمی دووەمدا، ئەندخێل کۆریاش لە خولەکەکانی 47 و 62 دوانەیەکی تۆمارکرد، رەخی بلانکۆس لە گۆڵکردن بێزار نەبوون و ئەم جارەیان دیپای گۆڵی پێنجەم و کۆتای بە کوڕانی دیگۆ سیمیۆنی هێنایە بەرهەم.

سەرەنجام ئەتلەتیکۆ بە پێنج گۆڵی بەبەرامبەر شکستی بە لاس پاڵماس هینا و بە کۆکردنەوەی 51 خاڵ و بە شێوەیەکی کاتی لە پلەی سێیەم دەبیندرێت.